# كاسييا



ئیسماعیل خورماڵیٚ

ئێمە شەوێك توردراینە

سەر كومباری ئەم سەرزەمینە غەمگینە

پۆستبەرنەبوو.. بە ئێمە دا

جریوەیان نارد بۆ چاخە خوێناوییەكان

بەئێمەدا خوێن و ئایەت و كوشتنیان حەواڵە كرد

نەگبەت خۆمان

لەوێش زەوییەكیان داینێ بۆ ماڵ

هەر تاعوون و هەر سێبەری جەهەنەم بوو

بە خۆ بوونمان بە خۆ نەبوو

چۆراوگەمان بە خۆ نەبوو

**وای خودایه ئەو سێبەرەت بۆ پێ بە خشین ؟**
**کە دەتزانی پڕاو پڕە , لە ڕەنگە نسرمەکانی عەدەم**
**کە دەتزانی جێگە پیپیاسەی بایەکەشەل**
**وەرزێکە زەرد**
**مینا پایز**
**مینا چاوی گەڵا ڕوتەڵەکان !**
**ئەو سێبەرەت بۆ پێ بە خشین**
**کە دەتزانی**
**دەبێ ئێمە لەگەڵ ڕۆژا , ژنەکانمان بە وەچە بێن**
**لەتەك قڵپ بوونەوەی گۆزەڵە نارنجیەکانی مەغرییاندا**
**بگەنە ناو نهێنی پەرت بوونی ڕەنگ و**
**بگەنە ناو نهێنی شەڕەکانی خونچە**
**ئەو سێبەرەت بۆ پێ بەخشین کە دەتزانی**
**وەکو ژییان کازیوەمان , ئەژنۆی لە قیرو بەفرایە**
**کە دەتزانی وەکو یەسوع , بە بزمارە باخەکانمن**
**بۆ ڕێگەت داین**
**بەهار بێتە ناو گوڵدانی فەسڵەکانمان**
**دیوانی گوڵ**
**پێ دزەی شانی سوورەت و**
**ڕۆژە هەڵبرژاوەکانی نالی بکا**
**بۆ ڕێگەت داین لاسکێ لە ئاو**
**بە شڵپ و هوڕی ئەو ماسیە ڕەنگالانە پێ بکەنێ**
**کە درەنگ شەوێ , لە پیێچی تریفەدا**

بە شووشەی ڕۆح لە بەر دەچوون !!
ئەو سێبەرەت بۆ پێ بەخشین کە دە تزانی
هاژەی دەنگی با لە باخا
چڵە مێخەکی ئاگرەو
لە بەرزایی و
حەوشەکانی خۆتا نەبێ ناڕوێ !
کە دەتزانی
بزە گەرووی بادراوی کەنارییەکە
لە ئێوارە باخەکانی دۆزەخ نەبێ دەنگی وونە
ئیدی ژییان , گوناهەکەی ئادەم بۆچی
هەڵخڵەتانی ئەم مەلە سەوزانە بۆ ؟
تێك شکانی ئەم هەموو مانگە شەوە بۆ ؟
کە دەتزانی ئەی پەرتووکاوترین کەپرو ساباتی بوون
ئێمە و باران دوو دار هەڵوژەی دراوسێین
ئێمە و باران شاییەکین , لە پشت ئێوارەکانی خۆتەوە
ئیدی ئەم شەڕی مردن و خوێنە
بە کۆلانەکانی گوڵا بۆ ؟
هەڵرژانی ئەم هەموو بەهانە یە بۆ ؟
کە دەتزانی نەجات بوونی گوڵە هێرۆکانمان دوورە
لە باو گژی هەڵکراوی ئێوارانی جەهەنەمت
شەفاعەت زەنگییانەی کۆش و بەرچاکێکە ڕژاو
ئیدی ئەم خوێن و کوشتارە
بە کۆڵانەکانی گولا

**بەهانە بۆ ؟**

**دەنگ و باسی خاوبوونەوە و**

**ڕووت بوونەوەی ئینسانەکان بۆ ؟**

**سەلامەت خووازی چاخەکان**

**لەسەر ساجی کۆنە بوغزێ , هەڵبرژانی گوڵەکان بۆ ؟**

**بەنیشان نانەوەی گەڵا خەنەییەکان**

**بە غەیب کردنی تووانای ئەسپەکان بۆ ؟**

**هەڵخستنی ئەو هەمووقامیشە بۆ ؟**

**کە هەر دەتگێڕان لەدەوری شان و شەوکەتی زۆنگاوێ !**

**کە هەر دەتکردن بە جێ ڕم و قەڵەم دانێ لە سییانید !**

**ئەی ڕەفە و تاقی پڕ کتێب بۆ ؟**

**گەروو گوڵدانی هەناسە بۆ ؟**

**کە هەر دەبوو وەك هە نجیری هەڵخراوی بەر سایە بن !**

**شان خزان و ڕووتبوونەوەی ناو ئێوارە شینەکان بۆ ؟**

**کە هەر دەبوو بە لاملی برووسکەیەکدا هە ڵبوواسرێن !**

**ئەی خودایە**

**بەکرێم بوونی نەستەلە تووکنەکان بۆ ؟**

**کە هەر دەبوو**

**وە ك چۆلەکەی بن گەڵایان دییاریان هەبێ !**

**ئەی وە برۆنزی کردنی تریفە سپیکەلەکان بۆ ؟**

**کە هەر دەبوو , بە کراسە بێجییە تەنکۆڵەکانەوە**

**بەر لە ئاشت بوونەوەی لەزەت**

**بەرلەوەی بێنەوە ماڵی خاوبوونەوە**

بچنەوە بەر دیووانیٚ تار
کە دەتزانی دەبیٚ هەر سیٚلاوی مردن
بچۆڕیٚتە زار گیٚلاسی کلارنیٚتەکانی ئیٚمە
بۆڕیٚگەت داین
بەناو وەرزە سەوزەکاندا بیٚن و بچین ؟
لەسەر تەریقەتی نیٚرگزو پەروانە جووت بین ؟
وای چ ڕۆخیٚکی وشکەنە ئەم غەدرەی تۆ
چ فەسلیٚکی گرژ و مۆنە ئەم غەدرەی تۆ
وەبیری چ زەمانیٚکدا گوزەر دەکا
گوڵ بە دەستی گوڵ هەڵوەریٚ و
میوەی ئەم هەمووجەستەیەش هەر بە دارەوە ووشك بن !
کە دەتزانی ئەی پەرتووکاو ترین کەپر و سباتی بوون
وەڕووی بووندا , پەنجەرەیەك ژەهر لەسەرشانە00
بۆ ریٚگەت داین
لە دەربەنە شووشەییەکانی عیشقدا
لەسیٚبەرە بەربلاوەکانی –کاسیا – دا
سویٚند بە بۆڵ و
سویٚند بە شیلکە قووتەکانی گۆشت و
سویٚند بە موعجیزەی وەرزەکان بخۆین ؟
ئەو وەرزانەی ماسیەکان فیٚرە جریوە و
کەنارییەکان فیٚرە مەلە و
چەکەکان فیٚرە سروود و
ڕیٚگەکان فیٚرە گۆرانی و

فێره عەتر ناسین دەکەن00
کەدەتزانی شتێ لە تۆ
ئاژنەو مەلەی وەنەوشەیەك ناخنکێنێ
شتێ لە تۆ
پشتە مەلەی ئەو گەڵایانەی لە ئاوا
باران شانیان قورس دەکا
نوقم ناکا
ئەو ڕەفتانەی پڕن پڕن
لە هەتاوی ڕەنگەکان باڵی تاووس
بەخۆڵ ناکا
کەدەتزانی
بوون لەنەبوون گیایی ترە ڕەنگی
بۆ پێشکەوتی لە ناسینی تەنیاییەکان
لە ئاودانی مەلەوێچەی تاعوونی ڕەش
لە ئاگردانی دەربەنی شەمامەکان
کێ پێی ووتی :
شەرا بەرییە
بڕی ماڵە کاڵەکەکان
ژەنگ بەریتە , ژێر چوار مشقی ئەو گوڵانەی
دڵیان دڵیان بە پەرتەوازەیی هەورا چوو بوو !
کێ پێی ووتی
ڕۆشنایی لەو تاووسە غەمگینانە ببڕی ؟
کە ئێواران

بەدیبار سەرخۆشی تارژەنە  پیرەکانەوە دەگریان !

کە دەتزانی

لێرە بوون لە نەبوون گیبای ترە ڕەنگی

بۆپێش کەوتی لە بەخشینی تەنییاییەکان

لە جێ گۆڕکێ ی ئەو شاخانەی

کە جێ متمانەی عیشق بوون

لە بە توزاخ بردنی ئەو مرواریانەی

کە گەنجینەی بەهاو ئاوبوون

کێ پێ ی ووتی :ئاخەر بڵێ , کێ پێ ی ووتی

خۆت وەشەڕی مێژوو بنێ و  , لە گوفتاری هەنارەکان هەڵبێ ی

ئاخەر بڵێ بە گوفتی چ پان فلووتێکی نابەڵەد جوڵانەوە

وا هەنووکە گوومان لە بێژنگت دەدا و

سەماش لەشت وە قورس دەبا  !

کێ پێ ی ووتی فوو بە شمشاڵی غروردا بکە و بڵێ

لەگەڵ ئەوەی لە ئاشتبوونەوەی سێبەری جەهەنمیانیش دوورم دوور

بەڵام هێشتا بەو سەمایەی ئێوەش ئاسوودەنیم

کەوەك کووالای سەر بەژنی دار دێنە دییەم

بە  گوومانم

لە نارنجی دۆعا و  لە گوێزی پارانەوەتان

بە گوومانم لە گێلاسی بەر مەمکانەی نوێژەکان و

لە ڕووباری پر لەڕەنگتان

بە گوومانم

بە وسەمایەی ئێوەش ئاسوودەنیم

دەلێ ی تەورێ بەکەمەری سەرمادەدەن
وا خوێن لە چاوی کتێبم جۆگە دەگرێ
قەوزە چاوی ماسیم بە کوێر دێنێ
کە دەتزانی ئەی پەرتوکاوترین کە پر و ساباتی بوون
بەو سەمایەش دارە مێوی ئاسوودەیت نایەتە بۆڵ
سێوەکانت دەس لە چڵی دوودڵی و گوومان بەرنادەن
بۆ ڕێگەت دا ئەسپە تەوێل مارۆکانت
ئەم بەهارە لەمەرگ نێن کە ژییانە
مقەستەکان
ئەو تاڤگانە بکەنەجێ پییاسەی دوورین کە ژییانە
هەرچیت فەرموو ووتمان بە چاو
ووتمان ماڵەکانی ئەو سەلامەت
ماڵەکانی ئەو ئاوەدان
مەغزی کچە قەیرەکانت پڕ کردین لە خۆزگەی زەرد و
ووتمان ڕۆژێ لەوەو دنیا
لەئێوارەیەکی شینا
خووا بە هەرمێیەکی گۆشتن بانگیان دەکا !
بە پەروانە
بە شەونمە خوێنێکی باڵدار بانگیان دەکا !
غروری هەڵالەکانت لێ بردین و
قوفڵت لە دەمی هەمووان دا
بووین بە توولی ناو سەبەتە و
بووین بە تەنووری ئەندێشە

پێت نەوتین
وە پێ خاوس بەسەر ئەو زیخەڵانەدا مەڕۆن !
پێت نەوتین ئەگەر خەمێ دڵی گرتن
بەرد بە کێلی دڵتانەوە بنێن
مۆمێ وە دیيار خۆتانە وە هەڵکەن
پێت نەوتین
نەحس مەبن  ئێوەش هەرێزاوێکن لەمن
کە دەتزانی ڕۆژێ دادێ
بەر لە خوڕەی پێش نیوەڕووانی مردن
وەکو کۆتر
بەسەر چلی  , بەرزە چلی
کاسیایەکی خۆتانەوە هەڵدەنیشین
تا نیشتیمان کوێر نەبوو بوو
بۆ ڕێت نەداین
بەییوون  بەییوون  بە سەر ئەو مردنانەدا هەڵبەین
لە ڕێ ی کەنارییەکانی باران دا
لە ڕێ ی بۆڵە ڕاکشاوەکانی هەتاوا
لە ڕێ ی متمانەیی ڕەنگەکان دا
گمەی پێش مردنیان هەڵبژارد و زوو دەرکیان کرد
هەرمێ یەکی تاقانە شین , بەس نیە بۆ خۆشەویستی و
گمەیەکی تاقانە سوور , بەس نیە بۆ سەنگەری خوێن !
کە دەتزانی لەم ئەستێرە شێ دارەی ئێمە دا
لە دایك بوونی هەرعیشقێ هەرێزاوێکە لە کفن و

جوگرافییایەکە لە ڕووخان
خرکردنەوەی هەرگەنجینەیەك ئالیَرە
لاقرتیە بە بازاڕە گومڕاکانی دەسەڵات و
پیَکەنینە بە غرووری ئەستیَرەکان !
سەرەرۆیی دیوانیَکە
لە مەکتەبە سەوزەکانی عیشقا !
غیرەی گوڵ و دەنووکە شەوی بارانی سەر پەنجەرەیە
قوڵاخ بوونی کەڵە کیَویوکی پیرە
بەرانبەر بە ڕمە سوورەکانی بەفرو مردن !
کە دەتزانی
ئیَوە لە گەڵ بوورجەکانی خۆشەویستی دا پیَك نایەن
هاوسیَ یەتی ماڵە ئاسکەکانی عەتر و
سەرەرۆیایەتی ئیَمەتان پیَ ناکریَ !
ئیتر چما , وە کۆڵی دڵ قبوڵتان بوو
ئیَمە لە پشت گالیسکە پیرەکانەوە
خەرمانە بووك ڕاکیَشین و
ئاویَنە بۆ زاوا مارەکان هەڵگرین !
ئیتر چما وەکۆڵی دڵ قبووڵتان بوو
بە تویَکڵی پرتەقالیَ
دەمی کفر و دەمی جنیَو بسڕینەوە
ئیتر چما چما زوو تر
نەتبردینەوە ناو کوچە شینەکانی عیشق و
خۆت لە م خەرمانی ئافاتە قوتار نەکرد !

**ئەی عیشق تۆ لەکوێ ی**

**وا بەلاتا**

**پیربوونی نیشتیمان دەڕواو تۆ دەنگ ناکەی !**

**دووکەڵی گوڵە هێرۆکان دەڕواو تۆ دەنگ ناکەی !**

**ئەی عیشق ئەی ئەستێرەی هەمیشە کەسك سەرهەڵبڕە**

**ئێرە نیشتیمان و مەملەکەتی خۆتە , چاوت ڕۆشن**

**چاوت ڕۆشن**

**گەشتیتەوە بە کار ئاسکی کازیوەکان**

**بە پایزی ڕووتبوونەوەی کوڕەکان و**

**وە بەها ر و**

**وە نقێمی بەرهەتاوی کچۆلانت !**

**بە سێوی کوێر**

**بە ستیانی سەوزوسووری پەرییەکان و**

**بە کەناری ناو قەفەزە مارۆنیەکان !**

**ئەی عیشق تۆ لەکوێ ی سەرهەڵبڕە ؟**

**لە زستانی وونبوونتەوە هەتا ئێستە**

**نایەتەبیر , نایەتەبیر**

**قەیسییەکمان تام کردبێ و**

**زمانمان , زمانمان دابێ**

**لەزمانی میوەیەك**

**هەر میوەیەك !**

**نایەتە بیر خاوبوونەوەی**

**ناوسەتەنی پەروانەکان**

زمان هەڵسوون لە گەلآ هە نجیرەکانی گۆشت و
کەڵەکەبوونی هەناسە
لەبەر لێوی شەکردانێکی ئاگرا
نایەتەوە بیر
بوونەوەمانبە قەڵەمێ لەبرووسکەو
بەسەر تەرزێ لەلاولاوی ئاوێنەکان !
ئەی عیشق تۆ لە کوێ ی وا بە گوێتا
گەڕۆکە بازێکی نابەڵەد دەقیژێنێ
قەوزە بزەی چایخانەکان
قوڕاوی خەنەکی خەتا
قاحبەیی دێڕی بەڕیا
قارچك خەڵتان بەئنووسە
قاز مینبەری سوڵتانی کوێر
قەمە لاسکی شیلانە داس
قەبر باڵەخانەی فەقیر !
ئەی عیشق تۆ لە کوێ ی ؟
سەری بەرچنەکەت لادە
بابە پوونگە ئەو مردنانە داپۆشین
ماسی بووین و ئاویان لێ کردین بە لەق لەق
نەعنا بووین و بەهاریان لێ ووشك کردین
گۆڤارێ بووین لە ئازادی و
لە سەر شیعرێ دەمیان گرتین !!!
ئەی عیشق تۆ لە کوێ ی ؟

جارێكی تر بمبەیتەوە ناو سروودو ڕۆژنامەكان
ناو بەهاری گۆرانیەكان
جارێكی تر ڕۆحم بۆنی
بۆنی خاك و بۆنی ژووا ن بگرێ !
بۆنی خاك و
بۆنی لاملی ڕەز بگرێ
ئەی عیشق تۆ لەكوێ ی ؟
تۆ لەكوێ ی ؟

هاوینی2001
بەرلین